Copyright © Open access article with CC BY-NC-ND 4.0

# نەرمەگوتار و کاریگەرێتیی لەسەر وەرگر (هەڵبژاردنی پارێزگاکان- کەرکووك) بە نموونە

م.ی. بەهادین محەمەد عەبدولرەحمان
پەیمانگای تەکنیکی سلیمانی/ بەشی تەکنیکی میدایا
Bahaddin.abdulrahman@spu.edu.iq

پ.دڵشاد عەلی محەمەد
بەشی میدیا- کۆلیجی کارگێڕیی-زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلیمانی/
Bahaddin.abdulrahman@spu.edu.iq

**پوختە:**

توێژینـەوەی بەردەسـت، سـەبارەت بـە بابەتێکـە پەیوەسـتە بـە نەرمەگوتـار و ئـەو کاریگەرێتییانـەی لەسـەر وەگـر دای ئەنێـت. بـە بۆچوونـی شـارەزایانی بـواری راگەیانـدن، نەرمەگوتـار یەکێکـە لـە هـۆکارە بەهێزەکانی قایلکردنـی وەرگـران بـەو ناوەڕۆکـەی ئاڕاسـتەی ئەکرێـت. واتـە ئەونەرمەگوتارانـەی کـە کـۆی راگەیاندنـەکان بـۆ کاریگەرێتیـی دانـان ئاڕاسـتەی وەرگرانـی ئەکـەن. توێژینەوەکـە ئامانجەکانـی خـۆی لـە دوو خاڵـدا چڕکردۆتـەوە، جەختکردنـەوە لەسـەر ئەوکاریگەرێتییانـەی کـە نەرمەگوتارەکان، لەسـەر وەرگرانـی دایـان ئەنێـت و، پەیـبردن و دۆزینـەوەی ئاسـتی ئـەو کاریگەرێتیانـەی کـە ئـەو نەرمەگوتارانـە لەسـەر وەرگران دایـان ئەنێـت.

ئـەم توێژینەوەیـە، توێژینەوەیەکـی وەسـفییە و بـە گونجـاو زانـراوە بـۆ کارکـردن لەسـەری تـا بەهۆیـەوە پـەی بـە وردەکاریـی بگـۆڕەکان و پەیوەندییەکانـی نێوانیـان ببرێـت کـە خـۆی لـەو فـەزا بارگاویـەدا ئەبینێتـەوە، بـارگاوی بـە کاریگەرێتیـی دوو لایەنـەی نێـوان نێـرەر و وەرگـر، لـە رووماڵیشـدا راپێوینامـەی بنکۆڵکاریـی بـۆ گەیشـتن بـە ئەنجامـەکان پەیـڕەو کـراوە، کـە تێیـدا پشـت بـە دەنگدەرانـی کـورد لـە پارێـزگای کەرکـوک بەسـتراوە. وەک مشـتی کۆمەڵـی توێژینەوەکـە لـەو هەڵبژاردنـەدا، کـە لـە پارێزگاکانـی عێراقـدا (٢٠٢٣) کـردووە و تێیـدا بەشـداربوون. لـە کۆمەڵـی توێژینەوەکەشـدا (١٠٠) کـەس وەک (مشـت) بـۆ توێژینەوەکـە وەرگیـراوە، لـە هـەردوو رەگـەز.

گرنگتریـن دەرەنجامەکانیـش بریتیـن لـە یەکەمیـان بـێ هێزیـی کاریگەرێتیـی نەرمەگوتـارەکان لەسـەر بەرتوێـژان بـۆ جوڵاندنـی لایەنداربوونیـان (انتـما)، بـۆ چوونـە پـای سـندووقەکانی دەنگـدان بـۆ هەڵبـژاردن لـەو شـارەدا. لای وەرگـرەکان، دووەمیشـیان راگەیاندنـی کۆمەڵایەتییـی زۆرتریـن پشـکی بـۆ وەرگرتنـی گوتـارەکان هەبـووە. بـە بـەراورد بەکـۆی ئامڕازەکانـی تـری راگەیاندنـەکان، لـە هەڵمەتـی هەڵبژاردنـی پارێزگاکانـدا، لـە شـاری کەرکـوک لەسـاڵی(٢٠٢٣)دا،

**کلیلە وشەکان: (نەرمەگوتار، کاریگەرێتیی، وەرگر، هەڵبژاردن).**

Recieved: 7/9/2024
Accepted: 2/10/2024



E-ISSN: 2790525-X
P-ISSN: 27905268

## پێشەکیی:

توێژینـەوەی بەردەسـت، ئامـاژە بـە کاریگەرێتییەکانـی نەرمەگوتـارەکان ئـەکات کـە بـۆ ئامانجێکـی دیاریکـراو ئاڕاسـتەی وەرگـران ئەکرێـت لای گوتارنێرانـەوە، توێژینەوەکـە جەخـت لەسـەر ئـەوە ئەکاتـەوە، ئـەو نەرمەگوتارانـە لـە رووی: چەمـک، مێـژوو، تایبەتمەندیـی، جـۆر و شـێوازی بەکارهێنانـەوە شـی بکاتـەوە.

هەروەهـا بـەدوای ئـەو ناڕوونییـی و لێڵیانەوەیـە کـە لەئـارادان دەربارەیـان، تـا وەڵامێکـی زانسـتییانەیان بـۆ بدۆزێتـەوە، کاتێـک گوتـارەکان وەک کاڵایـەک لـە کەناڵەکانـی راگەیاندنـەوە بـۆ ئامانجێکـی دیاریکـراو جـا (ئەرێنیـی یاخـود نەرێنیـی) بـن، ئەخرێنـەڕوو لەوێـدا نەرمەگوتـارەکان وەک کـردەی کاریگەرێتیـی لەسـەر وەرگـر کاریـان لەسـەر ئەکرێـت.

ئەکـرێ نەرمەگوتـارەکان لـە رێـگای؛ گوتـاری دەروونیـی، رووناکبیریـی، کۆمەڵایەتیـی، ئابووریـی، رامیاریـی و ئایدۆلۆژییـەوە بخرێتـەڕوو. بەمەبەسـتی قایلکاریـی لـە رێگـەی رەهەندەکانـی کاریگەرێتییـەوە (ناسـەنیی، رەفتەنیـی و سـۆزەنیی)یەوە، تـا بـەرەو ئاڕاستەیەکیان بەرێـت کـە گوتارنێـر وەک ئامانجێك پێشـتر دیـاری کـردووە.

لـە نەرمەگوتـاردا، بەپێچەوانـەی سـەختی جەنگـەوە کـە مەبەسـت لـەوە داگیرکردنـی جوگرافیاییـە کـە لـە رێگـەی پەلامـاردان و توندوتیژیـەوە. ئـەو لـە هەوڵـی داگیرکردنـی جوگرافیایـی (کولتـووری، رووناکبیریـی، بیرکردنـەوە و بڕیـاردان، بەرژەوەندییـە جیاجیاکاندایـە، بەبـێ توندوتیژی بـۆ ئامانجێکـی دیاریکـراو لـە ژینگەیەکـی کۆمەڵایەتیـی دیاریکـراودا).

توێژینەوەکـە هـەوڵ ئـەدات ئـەو ناڕوونیـی و لێڵیانـەی کرۆکـی ئـەو نەرمەگوتارانـە لـە ژێـر کاریگەرێتیـی کات و شـوێن و رەهەندەکانـی کاریگەرێتیـی دا (ناسـەنیی، رەفتەنیـی و سـۆزەنیی)دا، روون بکاتـەوە و لـە رێگەیانـەوە بگاتـە ئەنجامێکـی زانسـتیی جـا ئەرێنیـی یاخـود نەرێنیـی بـن. لـە رێگـەی سـەرچاوەی زانسـتیی وەڵامـی بەرتوێژەکانـەوە.

### ئەم توێژینەوەیە لە سێ بەش پێکهاتووە: رێبازنامە، لایەنی بیرنامەیی، کردەنیی.

### ١- کێشەی توێژینەوەکە:

ئـەم توێژینەوەیـە، کار لەسـەر رەهەندەکانـی نەرمـە گوتـار و کاریگەرێتییەکانـی لەسـەر وەرگر ئـەکات. لە کەناڵـە جیاوازەکانی بـواری راگەیاندنـدا تـا لـە رێـگای توێژینەوەکـەوە بەدواداچـوون بـۆ ئـەو ناڕوونیـی و لێڵییانـەی نەرمـە گوتـار بـکات لەسـەر وەرگرانـی کـە ئـەوەش کێشـەی توێژینەوەکەیـە. توێـژەر هـەوڵ ئـەدات بـە شـێوازێکی زانسـتیی بـە سـوودوەرگرتن لەسـەر توێژینەوەکانـی پێشـوو و راپێوپینامـەوە بگاتـە ئاسـتی ئـەو کاریگەرێتیانـەی کـە نەرمەگوتـار لەسـەر وەرگرانـی جـێ ئەهێڵێـت و بـە هۆیانـەوە لایەنـە ئەرێنیـی و نەرێنییەکانیشـی روون ئەبێتـەوە.

توێـژەر بـۆ گەیشـتن بـە ئـەو ئەنجامـە، چەنـد پرسـیارێکی لا درووسـت بـووە و لـە رێـگای سـەرچاوە زانسـتییەکان و راپێوینامەکـەوە، لـە هەوڵـی گەیشـتندایە بـە وەڵامێکـی درووسـت و زانسـتیی و پرسـیارەکانیش بریتیـن لـە:

أ- ئەو کاریگەرێتیە ناسەنییانە (المعرفي) کامانەن کە نەرمەگوتار دایناوە لەسەر وەرگر؟.

ب- ئەو کاریگەرێتیە رەفتەنییانە (السلوکی) کامانەن کە نەرمە گوتار دایناوە لەسەر وەرگر؟.

پ- ئەو کاریگەرێتیە سۆزەنییانە (العاطفي) کامانەن کە نەرمەگوتار دایناوە، لەسەر وەرگری ئەو جۆرە گوتارانە؟.

ت- ئەو کاریگەرێتیانەی کە نەرمەگوتار دایناوە لەسەر وەرگر، لە چ ئاستێکدایە؟.

### ٢- بایەخی توێژینەوەکە:

لـە چوارچێـوەی هـەر توێژینەوەیەکـی زانسـتییدا (بایـەخ)، جێگایەکـی تایبەتـی لـە توێژینەوەکانـدا هەیـە. لەهـەر

توێژینەوەیەكدا (بایەخ) پێوەرێكی گرنگە لە دەستنیشانكردن و هەڵبژاردنی كێشەی توێژینەوەكەدا. هەر ئەو پێگەیەی بایەخیشە وای كردووە. لە رێبازنامەكاندا لە ریزبەندی دووەمدا بێت. بایەخی ئەم توێژینەوەیەش، خۆی لە پەیوەندییە پێكەوە گرێدراوەكانی نێوان رەگەزەكان و بگۆڕەكانی ناونیشانی توێژینەوەكەدا ئەخاتەڕوو.

لەم توێژینەوەیەدا (نەرمەگوتار) بگۆڕی سەربەخۆیە و (كاریگەرێتیی لەسەر وەرگر)یش بگۆڕی هاوكارە. لە ناونیشانی توێژینەوەكەشدا، (هەڵبژاردنی پارێزگاكان- كەركووك)، وەك روونكردنەوە و پاڵپشتێك بۆ كۆی ناونیشانی توێژینەوەكە هێنراوەتەوە. ئەكرێ (بایەخ) لە توێژینەوەكەدا بە كورتیی لە چەند خاڵێكدا بخرێتەڕوو:

أ- بایەخی بۆ كۆمەڵ: لێرەدا پەیوەستە بەكۆی تاكەكانی هەرێمی كوردستانەوە و بەردەوام لە پەیوەندییەكی دوو ئاراستەی كاریگەرێتییدان و ئەوەش ئەو كاریگەرێتییە بۆ دۆخە گشتییەكەی كۆمەڵ دائەبەزێت و ئەبێتە هۆكاری گۆڕانكاریی لەو كایەیەدا.

ب- بایەخی زانستیی: ئەم توێژینەوەیە، بایەخێكی زانستیی ئەبێت و لە كردەكانی زانستدا هۆكار ئەبێت بۆ دەوڵەمەندبوونی كتێبخانەی كوردیی كە سامانێكی نەتەوەییە.

پ- بایەخی هاوپیشەیی: ئەبێتە سەرچاوەیەكی زانستیی بۆ ناوەندەكانی هەرێمی كوردستان و لەوانەش دامەزراوەكانی راگەیاندن (ڕۆژنامەوانان).

ت- بایەخی بەشدارییكردن، لە یەكلاییكردنەوەی زۆرێك لەو ناڕوونیی و لێڵیانەی كە نەرمەگوتار لە رێگای كاریگەرێتییەكانیەوە، ئەیانهێنێتە ئاراوە.

ج- تێگەیشتنی زانستییانە، لەسەر بایەخی رەهەندەكانی ئەو كاریگەرێتیانە لەسەر وەرگر، بۆ بەرچاورونیی توێژەران، لە داهاتوودا كە دەربارەی رێگەو كێشەكانی نەرمەگوتارەكان، لە سەروبەندی هەڵبژاردنەكاندا تاوتوێ ئەكرێت.

## ٣- ئامانجی توێژینەوەكە:

توێژەر بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجی توێژینەوەكە چەند رەهەندێكی وەك ئامانج دیاری كردووە كە هەوڵ ئەدات لە رێگای شیكردنەوەی مەیدانییەوە پێیان بگات كە لە دوو رەهەنددا ئەخرێتەڕوو:

أ- ئامانجی سەرەكی توێژینەوەكە:

ئامانجی سەرەكی توێژینەوەكە خۆی لە چەند خاڵێكدا ئەخاتەڕوو بریتین لە:

-خستنەرووی كاریگەرێتییەكانی نەرمەگوتار، لە رووی ناسەنییەوە لەسەر وەرگر.

- خستنەرووی كاریگەرێتییە رەفتەنییەكان.

- خستنەرووی كاریگەرێتییە سۆزەنییەكان.

-گەیشتن بەو ئاستانەی كە كاریگەرێتی نەرمە گوتارەكان لەسەر وەرگر جێی ئەهێڵن.

ب- ئامانجی لاوەكی توێژینەوەكە:

بە مەبەستی گەیشتن بە كاریگەرێتییەكانی نەرمەگوتار لەسەر وەرگر، كردەی هەڵبژاردنی پارێزگاكان – كەركووك، بە نموونە وەرگیراوە، بۆ هێنانەدی ئەم ئامانجانە:

-گەیشتن بەو راستیانەی كە نەرمە گوتار، لە هەڵمەتی هەڵبژاردندا، كاریگەرێتیی لەسەر وەرگر ئەبێت، بۆ یەكلاییكردنەوەی ئەنجامەكان بەلای ئەرێنیی یاخود نەرێنییدا.

- خستنەرووی دۆخی وەرگر تا چ ئاستێك لە كاریگەرێتیەكانی نەرمە گوتار تێگەیشتووە.

## ٤- ڕێباز، ڕێکارو ئامرازی توێژینەوەکە:

لە توێژینەوەکەدا ڕێبازی وەسفیی بە ڕێبازێکی گونجاو زانراوە بۆ بەجێهێنانی توێژینەوەکە، لەڕێکاری توێژینەوەکەشدا، ڕێکاری روماڵکردن بۆ بەجێهێنانی گیراوەتەبەر. ئامرازی توێژینەوەکەش (راپێوینامەی بنکۆڵکاریی)یە، تێیدا هەوڵ دراوە داڕشتنی پرسیارەکان ورد و چڕ و پوخت بن، تا بەرتوێژان لە ماوەیەکی کەمدا و بە روونی بتوانن زانیارییەکان تاوتوێ بکەن و وەڵام بدەنەوە. لە ڕێگای وەڵامی بەرتوێژانیشەوە، ئەنجامێکی گونجاو بەدەست بهێنرێ ئەو ناڕوونیی و لێڵیەی کە لە کێشەی توێژینەوەکەدا لە ئارادایە، یەکلایی بکاتەوە.

## ٥- درووستیی و جێگیریی :

بۆ دڵنیابوون لە (درووستیی وجێگیریی)، پرس و وەڵامەکانی راپێوینامەی توێژینەوەکە دەقی راپێوینامەکە رووبەڕووی (٥) شارەزا کراوەتەوە[١]*، ئەو شارەزایانەش بە تێبینی و راسپاردەکانیان، راپێوینامەکەیان دەوڵەمەندتر کردووە. دواتر دابەشکرایەوە و وەرگیرایەوە، ڕێژەی درووستییەکەی (٩٣/٠)ە کە لە رووی زانستییەوە ڕێگەپێدراوە. پاش تێپەڕبوونی (٢٥) رۆژ بەسەر وەڵامەکاندا، بۆ جاری دووەم (٢٠/٠) راپێوینامەکان دابەش کرایەوە و پاش وەرگرتنەوەیان دەرکەوت (٨٣/٠) هاوڕابوون و ئەو ڕێژەیەش پەسەندە لە رووی زانستییەوە.

## ٦- سنووری توێژینەوەکە:

سنووری توێژینەوەکە چەند رەهەندێکی جیاوازی لەخۆگرتووە بریتیە لە:

سنووری شوێن: بریتین لە بنکەکانی هەڵبژاردن، هەڵبژاردنی پارێزگای کەرکووک و ئەو شوێنانەی کە دەنگیان تێدا دراوە، بۆ هەڵسەنگاندنی کاریگەرێتی نەرمە گوتار، لەسەر دەنگدەرانی کورد لەو شارەدا (١٦- ١٨ی ٢٠٢٣/١٢).

سنووری مرۆیی: کۆمەڵی دەنگدەری کورد بووە لە هەڵبژاردنی پارێزگاکان لە شاری کەرکوک کە مشتەی لێ وەرگیراوە بۆ توێژینەوەکە.

سنووری بابەت: لە توێژینەوەکەدا بایەخ و کێشەی سەرەکیی، نەرمە گوتار و کارگەرێتییەکانییەتی وەك بابەتی توێژینەوەکە خراوەتەڕوو.

سنووری کات: کاتی تاوتوێی بابەت و کێشەی توێژینەوەکەیە، (٣) مانگ دیاریکراوە. مانگێک بەر لە هەڵبژاردن تەرخان کرا بۆ هەڵمەتی هەڵبژاردن و دوو مانگیش بۆ هەڵبژاردن و لێکەوتەکانی.

## ٧- کۆمەڵ و مشتەی توێژینەوەکە:

کۆمەڵی دەنگدەرانی کورد، ئەو دەنگدەرانەن، هەندێکیان وەك مشتەیەك وەرگیراون بۆ توێژینەوەکە وەك نموونەیەك لە کۆمەڵی کوردی دەنگدەر لە شاری کەرکووك لە کۆی (١٠٠) کەس کە فۆڕمیان وەرگرتووە، (٧) فۆڕم هەڵەی

[١] * شارەزاکان بریتی بوون لە بەڕێزان:

١- پ.د. عومەرئەحمەد رەمەزان: زانکۆی سلێمانی، کۆلێجی زانستەمرۆڤایەتییەکان، بەشی ڕاگەیاندن، میدیای نوێ.

٢- د. چۆلی ئەسعەد ، زانکۆی پۆلیتەکنیک، پەیمانگای تەکنیکی سلێمانی، بەشی تەکنێکی میدیا.

٣-پ.ی. د، کاروان محەمەد حەسەن، زانکۆی سلێمانی، کۆلێجی زانستەمرۆڤایەتییەکان، بەشی ڕاگەیاندن.

٤- د. کامیل عومەر ، زانکۆی سلێمانی، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، بەشی ڕاگەیاندن.

٥- د. هونەر رەسوڵ، زانکۆی پۆلیتەکنیک، پەیمانگای تەکنیکی سلێمانی، بەشی تەکنیکی میدیا.

تێدابـووە و (٩٣) بەتـەواوی پڕکراوەتـەوە.

## ٨- بیرنامەی توێژینەوەکە:

ئـەم توێژینەوەیـە لەسـەر بنەمـای دوو بیرنامـەی (پشتبەسـتن بـە ئامرازەکانـی راگەیانـدن) و (بیرنامـەی پیلانگێڕیـی)، داڕێژراوە و بـۆ ئـەو مەبەسـتە سـوودیان لێوەرگیراوە:

أ- بیرنامەی پشتبەستن بە ئامرازەکانی راگەیاندن:

ئـەم بیرنامەیـە لـە توێژینەوەکـەدا، سـوودی لـێ وەرگیـراوە بـۆ زانینـی ئـەو کاریگەرێتیانـەی ئامرازەکانـی راگەیانـدن لەسـەر وەرگـر و لـەم خاڵانـەدا چڕ کراوەتـەوە:

-ئامرازەکانـی راگەیانـدن ئەتوانـن هەڵوێسـت و ئاراسـتەی بیرکردنـەوەی وەرگرانیـان بگـۆڕن، لـە رێگای ئـەو گوتارانـەوە کـە ئاراسـتەیان ئەکـەن.

-ئامرازەکانی راگەیاندن، ئەتوانن کاریگەرێتی دابنێن لەسەر ناسەنیی وەرگر.

-ئامرازەکانی راگەیاندن، ئەتوانن گۆڕانکاریی لە بەها کۆمەڵایەتییەکانی وەرگردا بکەن

-ئامرازەکانـی راگەیانـدن، ئەتوانـن رەفتـاری وەرگـران بـە ئاراسـتەی ئەرێنیـی و نەرێنیـی بەهـۆی کاریگەرێتییەکانیانـەوە بگـۆڕن.

## ب- بیرنامەی (پیلانگێڕیی):

لـە زانسـتیی دەروونناسـیی و بـواری جەنگـی دەروونییـدا، کۆمەڵێـك بیرنامـە هەیـە کـە توێـژەر لـە توێژینەوەکەیـدا پشـتی بـە (بیرنامـەی پیلانگێڕیـی)، بەسـتووە. ئـەم بیرنامەیـە ئامـاژە بـەوە ئـەدات کـە بانگەشـە (propaganda) و واتـەوات (Rumor)، لـە لایـەن کەسـانێك یـا دامەزاوەیەکـەوە بـە مەبەسـتێکی دیاریکـراو دائەڕێژرێـت و ئەخرێتـەروو، دواتـر خەڵـك خۆبەخشـانە بـڵاوی ئەکەنەوە.

ئـەم بیرنامەیـە بـاس لـەوە ئـەکات کـە مەترسـییەکان لەوێـدا بەهێـز ئەبێـت، کەسـێك یـا لایەنێـك بانگەشـەکە ئـەکات و بـڵاوی ئەکاتـەوە، جەماوەریـش بـاوەڕی پـێ ئەکـەن و رەواجـی پـێ ئـەدەن و تەشـەنە ئـەکات و وەك خۆرکـە، هەڵچـوون لـە هـزری وەرگردا ئەبزوێنێـت. بـەو مانایـەی کـە گوتـارە پیلانگێڕییەکـە کـە ئاراسـتەی کـەس و کەسـانێك و دامەزراوەیـەك، چیـن و توێژێـك، ئاییـن و ئاینزایـەك و نیشـتمان و نەتەوەیـەك، پارتێـک و لایەنێـک ئەکرێـت. بـۆ گۆڕینـی جـۆری بیرکردنـەوە و ئاسـتی رەفتـار نواندنەکانیـان، بـە بارێکـی تـردا جـا لایەنـی ئەرێنیـی یاخـود نەرێنیـی بێـت.

## ٩- دیاریکردنی چەمك و زاراوەکان:

ئەو زاراوانەی لە ناونیشانی توێژینەوەکەدا هاتوون:

نەرمـە گوتـار: ئـەو گوتارانەیـە کـە لـە رێـگای (نەرمەجەنـگ)ەوە، لـە ئامرازێکـی راگەیاندنـەوە، ئاراسـتەی وەرگـری ئـەکات، بـە مەبەسـتی کاریگەرێتیـی و قایلکردنـی.

کاریگەرێتیـی: لـە رێـگای کارلێکـی بەرژەوەندییـە کۆمەڵایەتییەکانـەوە، بەهـۆی دوو هـۆکاری کارتێکـەر (المؤثـر) و کارلێکـراو (المتأثـر)ەوە، لـە ئەنجامـدا کاردانەوەیـەك لای کارتێکـراوەوە دێتـە ئاراەوە، بـەلای (ئەرێنیـی) یاخـود (نەرێنیـی)دا.

وەرگر: هەموو ئەو کەسانەن کە بەرکەوتنیان هەیە لەگەڵ راگەیاندنەکاندا لە هەرێمی کوردستان دا.

هەڵبژاردن: لە هەڵبژاردنی پارێزگاکانە کە لە (١٦-١٨ی کانوونی یەکەمی ٢٠٢٣) کرا.

## بەشی دووەم: نەرمە گوتار و کاریگەرێتیی لەسەر وەرگر:

## یەکەم: نەرمە گوتار و رەهەندە جیاوازەکانی:

بە سەرنجدان لە پێوەرەکانی جەنگ و نەرمە گوتار کە شێوازێکە لە (نەرمە جەنگ)، زاراوەی جەنگ جۆر و تێروانینی جیاجیا لەخۆئەگرێت. ئەو تێروانینانەش لەسەر بنەمای: هاوسەنگیی هێز، جەنگی رەوا و نارەوا، جەنگ لەسەر بنەمای جوگرافیی. لەسەر ئاستی شێوازی پیادەکردنی کە لەخۆگریی، جەنگی هەمەلایەنە، سەرتاسەریی، سنوردار، هەروەها جەنگی رێکخراو و جەنگی پارتیزانیی(٢).جەنگ لەسەر بنەمای جۆر و شێوازی بەکارهێنانی جۆری چەك: ئەتۆمیی، نائەتۆمیی، چەکە گەرمەکان، کیمیایی و بایەلۆژیی و میکرۆبیی بێت.

جۆرە سەرەکییەکانیشی: سەختە جەنگ، نیو سەختە جەنگ و ئەوەی ئێستاش بە فراوانی بەکارئەهێنرێت نەرمە جەنگە(٣). کە لێرەدا ئاماژەیەکیان پێ ئەدرێت:

١- سەختە جەنگ (گەرمە جەنگ)٤*:

جۆرە توندوتیژەکەی جەنگە لە نێوان دوو هێز، دوو پارت، دوو گروپ و دوو وڵات و چەند وڵاتێکدا، لە رێگای پەلاماری چەکداری و هەڵمەتی سەربازییەوە بۆ رووخاندنی دەسەڵاتێك و داگیرکردنی خاك و نەتەوەیەک هەڵئەگیرسێت و ئامانجێکی رامیاریی لە پشتەوەیە(٥).

٢- ئاوێتە سەختەجەنگ٦*:

جۆرێکە لە جەنگ کە تێیدا نەرمە جەنگ و هێزیش بەکار ئەهێنرێت، بۆ لەسەر کار لابردنی دەسەڵاتێك و بەرپرسی ناوچەیەك یا وڵاتێك، بە مەبەستی کودەتا، یاخود گۆڕینی رێکخستەی رامیاریی (سیستمی سیاسیی)، لەو شوێنە و هێنانەسەر کاری دەسەڵات و رێکخستەیەکی نوێ، کە تێیدا نەرمە گوتار و هێزیش بەشدار ئەبن بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی دیاریکراو(٧).

٣- نەرمە جەنگ ( نەرمەگوتار)٨*:

بەپێوەری جەنگ، نەرمە گوتار جۆرێکە لە نەرمە جەنگ و سەرەتا وەرگر زۆر هەست بەنیشانەکانی ناکات. نەرمە گوتار جۆرێکە لە کۆی ئەو هەڵمەتەی ئامرازەکانی راگەیاندن و گەیاندن، ئاراستەی وەرگرانێکی دیاریکراوی ئەکەن بۆ ئامانجێکی دیاریکراو. نەرمە گوتار ئاراستەی دوژمن یاخود (مێمڵ)٩*یش ئەکرێت.

بۆ هەڵمەت بۆ سەر کلتوور، کایەیەکی کۆمەڵایەتیی، رووناکبیریی، ئابووریی و رامیاریی. تا لەو رێگایەوە کنە بکرێتە ناخی وەرگری کۆمەڵی ئامانج، بۆ هێنانەئارای دۆخێك تا لە ناخەوە بێ هیوای بکات و بیروخێنێت یا بە پێچەوانەوە. هەموو ئەو هەنگاوانەش بەبێ پەلاماری سەربازیی و ناڕاستەوخۆ و نەرم، ئاراستەی جەماوەری کۆمەڵی ئامانج ئەکرێت، کاریگەرێتیەکانی ئەبنە گوشار لەسەر رەهەندەکانی کاریگەرێتیی (ناسەنیی، رەفتەنیی و سۆزەنیی)، لەو رێگایەوە تەرزی بیرکردنەوە و رەفتاریان بەو ئاراستەیەی نێرەری نەرمە گوتار نەخشەی بۆ دارشتووە ئەگۆڕرێت.

---

٢ - سید محسن کمالی کلیمانی: عملیات ضد جنگ روانی، مرکز آموزشی پژوهشی شهید صیاد شیرازی، تهران ١٣٨٨، ص ٢٨ - ٤٠.

٣ - مرکز الحرب الناعمە: مدخل الى الحرب الناعمە، بیروت – لبنان ٢٠١٨، ص٨٥.

٤ * Hard Warfare.

٥ - هەمان سەرچاوە: لا ٨.

٦ * Warfare.

٧ - سید محسن کمالی کلیمانی: م. پ، ص ٤٨.

٨ * Soft Warfare.

٩ * مێمڵ: لە زمانی کوردیی دا، بۆ ئەو کەسانە بەکاردێت کە لە چین و توێژو هاوزمان و هاونیشتمانیی خۆیانە و دەکرێت لەگەڵ یەکتردا ململانێیان هەبێت، بەڵام دوژمنایەتیی هەرگیز.

لەم جۆرەی نەرمە جەنگدا نێرەری نەرمە گوتار، بە تێچوونێکی کەم و بە خەرجدانی توانایەکی کەم و دەستەیەکی بەڕێوەبردنی کەم، ئەتوانێت ئامانجێکی گەورە بەدەست بهێنێت(١٠).

پێناسەکانی نەرمە گوتار:

نەرمە گوتار: بریتییە لە هەموو شێوازەکانی گوکردن و دەربڕین بە زارەکیی، یاخود لە ڕێگای ئامرازێك لە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و گەیاندنەوە، لە نێرەرەوە بۆ وەرگر بە مەبەستی کاریگەرێتیی و قایلکردن، بۆ ئامانجێکی لە پێشدا دیاریکراو.

نەرمە گوتار: بریتیە لە گوتارێك کە لەخۆگریی کاریگەرێتیەکی دەروونییە، لە ڕێگەی بانگەشەو واتەواتەوە، بە هۆی دەربڕینی ڕووبەڕوو یا لە ڕێگای ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و گەیاندنەوە، بەرانبەر کۆمەڵی ئامانج، جا دژایەتیی یا هەڵنان و هیواپێدان بێت، بەبێ بەکارهێنانی توندوتیژیی و جەنگی گەرم، ئاراستەی وەرگرانێکی دیاریکراو ئەکرێت(١١).

نەرمە گوتار: بریتییە لە جەنگی بیروباوەر کە بە شێوازی نهێنیی، ئاشکرا، زارەکیی، نووسراو، گۆکراو و بیتراو ئەخرێتەڕوو بە مەبەستی ئاراستەکردنی وەرگر بەرەو ئامانجێکی دیاریکراو، بۆ کاریگەرێتیی دانان و قایلکاریی(١٢).

نەرمە گوتار: جەنگی دەروونییە هەوڵی گۆڕینی بۆچوون و ڕەفتاری بەرانبەر ئەدات بە لایەنی ئەرێنیی و نەرێنییدا(١٣).

لە ڕووی زاراوەوە نەرمە گوتار، بە جەنگی دەروونیی، نەرمە جەنگ، جەنگی سپیی، جەنگی ڕەنگەکان، جەنگی شاراوە، جەنگی بێدەنگ، جەنگی ڕاگەیاندن و گەیاندن، ناو ئەبرێت(١٤)

مێژووی نەرمە گوتار:

نەرمە گوتار، پێشینەکەی لەگەڵ سەرهەڵدانی مێژووی مرۆڤایەتیدا هاتۆتە ئارا، لە مێژووی تۆمارکراودا، کۆنترین شێوازەکانی ساتی پێکدادانی کیدۆنیەکان و ماددەکان ئاماژە پێ بدرێت، کاتێك کیدۆنیەکان پەلاماری ماددەکانیان دا و بۆ ترساندنیان پەنایان بۆ ناردنی هەڕەشەکانیان، لە ڕێگای زیادکردنی شاپڵیتە ئاگراوییەکانەوە بوو. لەم جەنگەدا ژمارە شاپڵیتەکانیان زیاد کردووە و بەوەش گوتارێکیان بۆ دوژمن ناردووە کە گوایە ژمارەی سەربازەکانیان زۆرە(١٥). کاتێك نووسین هاتە ئارا و چاپ داهێنرا، نەرمە گوتارەکانیش شێواز و ناوەڕۆکی خۆیان لە ڕێگای وشەوە خستۆتەڕوو، کە ڕادیۆ داهێنرا و تەلەفزیۆن کەوتە بڵاوکردنەوەی پەخشەکانی خۆی لە ڕێگای دەنگ و وێنە و جوڵەوە، نەرمەگوتارەکانیان ئەنارد بۆ وەرگرانیان.

لە سەردەمی تەکنەلۆژیای ڕاگەیاندندا، لە نەرمە گوتارەکاندا گۆڕانکاری ڕیشەیی هاتە ئارا و تێکەڵی هەموو ژیانی مرۆڤ بووە، هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانیش هۆکارێك بوون بۆ هەرچی زیاتر بەکارهێنانی نەرمە گوتار کە بۆ بێهیواکردنی دژەکان، یاخود هیوابەخشین بە لایەنگران بێت. ئەمرۆ نەرمە گوتار لە هەموو کایەکانی ژیانی مرۆڤدا، ڕۆڵی گرنگ و یەکلاییکەرەوە ئەگێڕن.

نەرمە گوتار لە جەنگی جیهانی دووەمەوە، بە تەواوی پشتی پێ بەستراوە، لەو جەنگەدا، ئەمریکا و وڵاتانی دژ بە

---

١٠ - عەلی حوسێن وەردی: کەسایەتیی تاکی عیراقیی، وەگێڕانی مەودوودجەبار، ناوەندی ڕۆشنبیریی ئەدیبان، چاپی یەکەم، سلێمانی ٢٠٢٠، لا ١٨.

١١ - قاسم دوستی: رهيافت سطح شناختی در مطالعه أهداف جنگ نرم، فصلنامه راهبردو فرهنگ، شماره شانزدهم، زمستان ١٣٩٠، تهران، ص١٥٢.

١٢ - مهدی صباغيان بيدگلی و مهدی هوشيار: خبرو جنگ نرم، مجله علمی پژوهشی و رسانه، دانشکده علوم اجتماعی دانشگاه تهران، پايان نامه فوق لسانس، تهران، ١٣٩١ - ١٣٩٢، ص ٣٨.

١٣ - حميد ضيايی پرور: جنگ نرم (ويژه جنگ رسانه‌ای)، چاپ باقری،تهران- ايران ١٣٨٣، ص ٣٨.

١٤ - مدخل الی الحرب الناعمه: مرکز الحرب الناعمه، بيروت - لبنان، ٢٠١٨، ص٨٥.

١٥ - مهدی صباغيان: م. پ، ص ١٤٣.

ئەڵمانیا لە ڕێگای بەردانەوەی گوتاری ئاگادارکردنەوە و لە پشتی بەرەکانی جەنگ، هەروەها لە ڕۆژنامە و رادیۆوە، بەردەوام خستنەڕووی نەرمە گوتار بۆ هاوڵاتیانی ئەڵمانی لە هەوڵی بەرپاکردنی جەنگی دەروونیی و نەرمە جەنگدا بوون، تا لە ڕێگای نەرمە گوتارە ئاراستەکراوەکانەوە، نارەزایەتییەك دژ بە دەسەڵاتدارانی ئەڵمانیا لای هاوڵاتیانی ئەڵمانیی بهێننە ئاراوە. ئەمریکا لە جەنگی دژ بە ڤێتنامیش رادیۆی (ڤێتنامی ئازاد)ی خستبووەگەڕ تا لە ڕێگای نەرمە گوتارەکانەوە، نارەزایەتییەك دژ بە (هۆشی مینە)١٦* بهێنێتە ئارا(١٧).

لە نەرمە گوتارەکانی ئەو رادیۆیەشدا (یەکێتی سۆڤێت)١٨*ی وا نیشان ئەدا کە دژ بە بەرژەوەندییەکانی گەلی ڤێتنامە و پشتیوانیی لە مانەوەی (هۆشی مینە) ئەکات، ئەگەر ناوبراو نەمێنێت، ڤێتنامییەکان ئازادیی بەدەست ئەهێنن و ئەکەونە خۆشیەوە(١٩).

لە نێوان بلۆکی رۆژهەڵات٢٠* و بلۆکی رۆژئاوادا٢١*، ئەو دوو بلۆکە پەرەیان بە سارده جەنگ (جەنگی سارد)٢٢* دا کە بەشێك لەوەش لەڕێگای نەرمە جەنگەوە بووە، لە ڕێگای نەرمە گوتارەکانیانەوە دژ بە یەکتری لە کەناڵە جیاجیاکانەوە ئەیانخستە روو. ئاراستەکردنی نەرمە گوتار لە لایەن ئەو جەمسەرانەوە کە ئەیانەوێت کاریگەرێتیی لەسەر لایەنی بەرانبەر دابنێن لە ڕێگای دروستکردنی (کۆدەنگییەوە)٢٣*، بۆ بەکارهێنانی دژ بە دەسەڵاتدارانی کۆمەڵی ئامانج، سەرەنجام نەرمە گوتار هۆکارێکە بۆ کۆکردنەوەی کۆدەنگیی لەسەر بابەتێك، کەسێك، کێشەیەك، ڕووداوێك و دۆزێك، تا بەهۆیە بەرانبەرەکەی تێك بشکێنێت.

## دووەم: کاریگەرێتی و وەرگر

توێژینەوەکە سەرەتا ئەو پرسیارە ئەخاتەڕوو کە ئایا ئامرازکانی راگەیاندن، چ کاریگەرێتییەکیان لەسەر وەرگری نەرمە گوتارەکان و کۆی پەیامە نێردراوەکانی ئەبێت؟

بە پێی بیرنامەی پشتبەستن بە ئامرازەکانی راگەیاندن لەسەر وەرگر، هەموو ئەو بابەتانە پەیوەستن بە: ئاستی ناسکاریی، ئەزموون، هوشیاری و قۆناغ و بارودۆخی ئەو نەرمە گوتارانەوە. وەرگری پڕ ناسکاریی و هوشیار و بە ئەزموون، لە هەندێك کاتدا ماوە بەوە نادەن، کە گوتاری ئامرازێك لە ئامرازەکانەوە کە ئاراستەیان ئەکرێت کاریان تێ بکات و هەوڵ ئەدەن خۆیانی لێ ببوێرن، بەڵام وەرگری ئاسایی بێ تێڕوانین لە کرۆکی نەرمە گوتارەکە وەریان ئەگرن و کاریگەرێتیشیان لەسەریان ئەبێت(٢٤).

پێناسەکانی وەرگر: لە تێڕوانینی شارەزایانی زانستیی کۆمەڵایەتیی، دەروونیی و راگەیاندن و گەیاندنەوە، پێناسەی

---

١٦ * هوشی مینە: (١٨٩٠ – ١٩٦٩)، یەکەم سەرۆکی ڤێتنامی باکور (١٩٤٥ – ١٩٦٩) و پێشەوای راپەڕینی نەتەوەیی لە هیندی چینی بووە.

١٧ - قاسم علیدوستی: م. پ، ص ١٦٠.

١٨ * یەکێتی سۆڤێت: حکومەتێکی (مارکسیست – لینینیست)ی بوو کە دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەری ١٩١٧، هاتەئاراوەو ململانێی بنچینەی دژ بە وڵاتانی سەرمایەداری و بە تایبەتی ئەمریکا بوو. لە چەندین وڵات پێکهاتبوو کە لەژێر دەسەڵاتی پارتی کۆمۆنیستدا بوون، لەساڵی (١٩٩١)دا هەڵوەشایەوە.

١٩ - مهدی ناظمی اردکانی و مجید نژاد پورو مصطفی محمدی: انقلاب اطلاعات وتأثیرآن برجنگ نرم، فصلنامه پژوهش های راهبردی سیاست، سال چهارم، شماره ١٦، بهار ١٣٩٥، تهران، ص١٤٢.

٢٠ * بلۆکی خۆرهەڵات: یەکێتی سۆڤێت و ئەو وڵاتانە بوون کە لە شەڕو ئاشتیدا لەناو هاوپەیمانی وارشۆدا بوون.

٢١ * بلۆکی خۆرئاوا: وڵاتانی خولگەی ئەمریکادا بوون و دژایەتی سۆڤێت و کۆمۆنیزمیان دەکرد، ڕێکخراوی ناتۆیان دامەزراند.

٢٢ * سارده جەنگ: ئاوێتەیەکە لە گەرمە جەنگ و نەرمە جەنگ، تێیدا هەردوولا لە نێوان خۆیاندا نەرمە گوتار لە ڕێگای نەرمە جەنگەوە بەکاردەهێنن، بەڵام گەرمە جەنگی نێوان وڵاتەکانی ژێر سێبەری هەردوولا بەردەوام دەبێت.

٢٣ * لەکۆدەنگیدا (هەست – احساس)ەکانی مرۆڤ کاری لەسەردەکرێت و دەوروژێنرێت و لە ڕێگای نەرمەجەنگ و نەرمەگوتارەوە.

٢٤ - مدخل الی الحرب الناعمە: م س، ص٥٦.

جیـاواز بـۆ وەرگـر خراونەتـەڕوو:

وەرگـر: دەسـتەو کۆمەڵێـك لـە جەمـاوەرە، کـە لێـك نزیـك یاخـود لـە ڕووی کات و شـوێنەوە، لێـك دوور و پەرتوبـڵاون، بـەڵام پێکـەوە سـەرنجیان لەسـەر بابەتێکـی هاوبـەش چڕبێتـەوە و مایـەی بایـەخ ئەبێـت بۆیـان، دواتـر لـە بەرانبەریـدا کاردانەوەیـان هەبێـت(٢٥).

وەرگـر: ئەوکەسـەیە کـە لـە کەناڵێکـی ڕاگەیانـدن و گەیاندنـەوە، بـۆ ئامانجێکـی دیاریکـراو گوتارێکـی ئاراسـتە ئەکرێـت و بەدواکردنـەوەی پەڕلـە (شـیفرە)ی نـاو گوتارەکەوەیـە کـە ئاڕاسـتەی کـراوە(٢٦).

یاخـود ئـەو کەسانەیە ئەکەونە بـەر شـەپۆل و هەژموونی پەخشـی بابەتێك کـە لـە کەناڵێکـەوە ئاراسـتەی ئەکرێـت، لـە ناواخنـی گوتارەکـەدا بـەدوای بەرژەوەندییەکانی خۆیدا ئەگەڕێـت و خوازیـارە مانـاو هێـما نەنـاسراوەکان بکاتـەوە و لەوێـدا بیدۆزێتەوە(٢٧).

زاراوە و چەمکـی وەرگـر: بـەلای (وێلبـەرشرام)ەوە، زاراوەی وەرگـر بریتیـە لـە (بینـەران، بیسـەران، و خوێنـەران) کـە گوتارێکی دیاریکراویـان لـە یەکێك لـە کەناڵەکانـەوە، ئاڕاسـتە ئەکرێت.

وەرگـر بـە بۆچوونـی (دەنیـس مەککوایـل)، وەرگرێکـی چالاکـە کـە لەنـاو گوتارەکانـدا بـە شـوێن بەرژەوەندیەکانـی خۆیـدا ئەگەڕێـت و وەڵامیشـی ئەبێـت بـۆی(٢٨).

مێـژووی وەرگـر: وەرگـری ئەمـڕۆ زادەی دوێنێـی مێـژووی مرۆڤایەتیـە، وەرگـر لـە مێـژووی کۆنـدا تەنهـا وەرگرێکـی سـادەو ملـدەر بـووە، لـە بەرانبـەر ئـەو گوتارانـەدا کـە ئاراسـتەی کـراوە. وەرگـر تەنهـا وەرگرێـك یـا بینـەری نمایشـە شـانۆیی و پاڵەوانبازیـی و کـۆڕ و کۆبوونـەوە جەماوەرییـەکان بـووە و پەیوەسـت بـووە بـە کات و شـوێنەوە، بـۆ چێژوەرگرتـن لـەوەی کـە نمایـش دەکـرا(٢٩).

لـە قۆناغەکانی گەشـەکردنی بوارەکانـی گوتارنێریـی و بابەتـە نێرراوەکانـدا، لـە زارەکـی و نووسـین و شـەپۆلی دەنگیـی و وێنەییـدا، مـەودا و بـوردی گوتارنێریـی فراوانـتر بـوو. لـە سـەردەمی تەکنەلۆژیـای نوێـی گەیاندنـدا، لـە گەیاندنـی گوتارەکانـدا (کات و شـوێن) ئـەو بایەخـەی پێشـوویان کاڵ بـۆوە و نـاوەڕۆك و مەغـزای نـاو گوتـارە نێرراوەکانیـش گۆڕانکاریـان بەسـەردا هـات. ئـەو هەنـگاوە گرنگـەش، وەرگـر لـە کەسـێکی سـادەوە گـۆڕرا بـۆ وەرگرێکـی چـالاك و خـاوەن بۆچـوون و ڕای سـەربەخۆی خـۆی، سـووڕی گەیاندنیـش لـە یـەك ئاڕاستەییەوە گـۆڕرا بـۆ سـووڕی بازنەیـی هاتـن و چوونـی گوتـار و وەڵامـی گوتـارەکان لـە کـردەی گەیاندنەکـەدا. وەرگـر جۆرایەتییەکـەی لـە وەرگرێکـی ئاسـایی و بەرهەمێکـی ڕاگەیاندنـەوە گەیشـتە قۆناغێکـی نـوێ، وەرگـر بـوو بـە نوێکـەرەوەی گوتـارە نێـردراوەکان و بـەوەش دامـەزراوەی ڕاگەیانـدن و گەیاندنـی ناچـار کـرد، لـە ناردنـی گوتارەکانیانـدا ڕەچـاوی بۆچـوون و بەرژەوەندییەکانـی ئـەوی وەرگـر بکـەن(٣٠).

ڕەهەندەکانـی کاریگەرێتیـی: بـۆ گەیشـتن بـە ئامانجەکانـی توێژینەوەکـە پشـت بـە کۆمەڵـی وەرگـران ئەبەسـتێت لـە تێگەیشـتن لـە نەرمـە گوتـارو کاریگەرێتییەکانـی لەسـەر وەرگـر، کاتێـك گوتارێکـی دیاریکـراوی ئاڕاسـتە ئەکرێـت و ڕەهەندەکانیـش بریتیـن لە:

١- ڕەهەندەکانـی ناسـەنیی (المعریفـی): لـەم ڕەهەنـدەدا، ئـەو گوتارانـەی کـە ئاراسـتەی وەرگـران ئەکرێـت لـە چوارچێـوەی (هەواڵێـك، کێشـەیەك، بابەتێـك، ڕووداوێـك، کـەس و کەسـایەتییەك و دۆزێـك)دا کـە کەناڵـەکان لـە ژینگـەی کۆمەڵایەتیـی

٢٥ - اليكسيس تن: نظريه هاوپژوهش هاى ارتباط جمعى، ترجمه نعيم بديعى، نشر روزنامه همشهرى، تهران ١٣٨٨، ص ٢٠١.

٢٦ - صلاح نصر: جنگ روانى، ترجمه محمودحقيقت كاشانى، نشرنى، تهران ١٣٨١، ص٤٢٧.

٢٧ - دينيس ماك كوايل: مخاطب شناسى، مركز مطالعات وتحقيقات رسانه، تهران ١٣٨٩، ص٤ -٥.

٢٨ - ناهد خوشنويس: مخاطبشناسى، دانشگاه علمى كاربردى، پاياننامه دكترا، تهران ١٣٩٩- ١٤٠٠، ص ٩-٢.

٢٩ - روشندل اربطانى و مهدى شريفى و سميهلبافى: مديريت رسانه، دانشگاه تهران، چاپ سوم، تهران ١٣٩٦، ص ٥١- ٥٢.

٣٠ - هادى اسماعيلى: مطالعات تحليلى سبك زندگى مصرف گرا، تهران، ١٣٨٩، ص٢٨.

وەرگرەوە، وەریانئەگرن و لە دووتوێی گوتارێکدا دایدەرێژنەوە و ئاڕاستەی وەرگری ئەکەن بۆ کاریگەرێتی و قایلکاریی. ناسکاریی بە گشتیی کۆی ئەزموون و زانیارییە نێرراوەکانە کە کاریان لەسەر کراوە و تاقیکراونەتەوە و گونجاوە تا بە مەبەستی کاریگەرێتیی لەسەر وەرگر ئاڕاستەیان بکرێت(٣١).

٢- رەهەندی رەفتەنیی (السلوکی): لە بواری زانستیی دەروونییەوە، رەفتار پێوانە ئەکرێت و بەئەو پێوانەکردنەش هەست بەو گۆڕانکارییە ئەکرێت کە لە رەفتاری وەرگردا، کاتێك نەرمە گوتارێکی ئاڕاستە ئەکرێت، هەستی پێ بکرێت.

٣- رەهەندی سۆزەنی (العاطفی): بۆ کاریگەرێتیی لە رێگای نەرمە گوتارێکەوە لەسەر وەرگر، گوتارنێر کار لەسەر وروژاندنی ئەو بابەتانە ئەکات، کە ئەبنە پاڵنەرێك بۆ لایەنی سۆزداری وەرگر و بەو هۆیەشەوە لایەنی سۆزداریی بەو ئاڕاستەیە ئەگۆڕرێت کە نێرەری نەرمە گوتارەکە وەك ئامانج دیاریکردووە(٣٢).

## بەشی پراکتیکی

## خستنەڕووی ئەنجامەکان:

یەکەم: تایبەتمەندی بەرتوێژەکان:

### رەگەزی بەرتوێژان:

بەپێی ئەنجامەکان، زۆرینەی بەرتوێژان (نێرن) و لە پلەی یەکەمدان و (مێ)ش لە پلەی دووەم، ئەوەش پەیوەستە بەبارە کلتوورییەکەی کۆمەڵی کوردەوارییەوە کە رەگەزی مێ کەمتر ئامادەن بۆ بەشداربوون لە زۆربەی چالاکییەکاندا یاخود گرنگی پێ نادەن. بڕوانە خشتەی (١).

خشتەی (1): رەگەزی بەرتوێژان

| جۆرەکان | دووبارە | % | پلە |
|---|---|---|---|
| نێر | 63 | 67,741 | یەکەم |
| مێ | 30 | 32,259 | دووەم |
| کۆی گشتیی | 93 | 100 | - |

### باری کۆمەڵایەتیی بەرتوێژان:

ئاماژەکان دەرخەری ئەوەن کە زۆرینەی بەرتوێژان لە پلەی یەکەمدا (خێزاندار)ن و لە پلەی دووەمیشدا (سەڵت)، لەبەرئەوەی زۆربەی بەرتوێژان لەتەمەنێکی هەراشدان. بڕوانە خشتەی (٢).

خشتەی (2): باری کۆمەڵایەتیی بەرتوێژان

| بڕگە | دووبارە | % | پلە |
|---|---|---|---|
| سەڵت | ٢٥ | 26,881 | دووەم |
| خێزاندار | 68 | 73,119 | یەکەم |
| کۆی گشتیی | 93 | 100 | - |

٣١ - جعفر دمیرچی، م. پ، ص٧٩.

٣٢ - ایاد خلف عمر الكعود: استراتيجية القوة الناعمة ودورها في تنفيذ أهداف السياسية الخارجية الامريكية في مناطق العربية، جامعة الشرق الاوسط، مذكرة للحصول على درجة الماجستير في العلوم السياسية، ٢٠١٥- ٢٠١٦، ص٦٨.

## تەمەنی بەرتوێژان:

ئەنجامەکان ئاماژەی ئەوەن، تەمەنی نێوان (٢٩-٣٩) زۆرینەن و لە پلەی یەکەمدان، ئەوانەش کە تەمەنیان لەنێوان (٥٠) و بەرەوژووردایە دواپلەی ڕێزبەندییەکەیان گرتووە. بڕوانە خشتەی (٣).

خشتەی (3): تەمەنی بەرتوێژان

| بڕگە | دووبارە | % | پلە |
|---|---|---|---|
| 18 بۆ 29 | 20 | 21.505 | دووەم |
| 29 بۆ 39 | 43 | 46.237 | یەکەم |
| 40 بۆ 49 | 20 | 21.505 | دووەم/د |
| 50 و زیاتر | 10 | 10.753 | سێیەم |
| کۆی گشتیی | 93 | 100 | |

## ئاستی خوێندەواری:

بەپێی ئەنجامەکان، هەڵگرانی بڕوانامەی ناوەندی زۆرینەن و لە پلەی یەکەمدان و دواپلەش بۆ هەڵگرانی بڕوانامەی دیبلۆمە، ئەوەش پەیوەستە بەتایبەتمەندێتی جوگرافیای کۆمەڵایەتیی بەرتوێژەکان. بڕوانە خشتەی (٤).

خشتەی (4): ئاستی خوێندنی بەرتوێژان

| بڕگە | دووبارە | % | پلە |
|---|---|---|---|
| سەرەتایی | 10 | 10.752 | پێنجەم |
| ناوەندیی | 24 | 25.806 | یەکەم |
| ئامادەیی | 23 | 24.731 | دووەم |
| دبلۆم | 16 | 17.205 | چوارەم |
| بەکالۆریۆس | 18 | 19.354 | سێیەم |
| دپلۆمی باڵا | 2 | 2.152 | شەشەم |
| ماستەر | 0 | 0 | حەوتەم |
| دکتۆرا | 0 | 0 | حەوتەم/د |
| کۆی گشتیی | 93 | 100 | - |

## نیشتەجێبوونی بەرتوێژان:

ئەنجامەکان ئاماژەی ئەوەن، شارنشینان زۆرینەن و لە پلەی یەکەمدان و دواپلەش نیشتەجێی قەزاکانن، ئەوەش ئەکاتە ئەوەی کە بایەخدان بە دانیشتوانی دەرەوەی شارەکان لەئاستێکی لاوازدایە. بڕوانە خ (٥).

خشتەی (5): شوێنی نیشتەجێبوونی بەرتوێژان

| بڕگە | دووبارە | % | پلە |
|---|---|---|---|
| پارێزگا | 90 | 96.774 | یەکەم |
| قەزا | 3 | 3.225 | دووەم |
| ناحیە | ٠ | ٠ | سێیەم |

| | | | |
|---|---|---|---|
| گوند | ٠ | ٠ | سێیەم/2 |
| کۆی گشتیی | 93 | 100 | - |

## ئاستی بەکارهێنانی ئامڕازە جیاجیاکان:

زۆرینـەی بەرتوێـژان ئامـرازە جیاجیاکانـی راگەیاندنیـان بـۆ (٣-٤)کاتژمێـر بەکارهێنـاوە لـە شـەو و ڕۆژێکـدا و لـە پلـەی یەکەمـدا و دواپلـەش (٥) کاتژمێـر و زیاتـر، ئـەوەش نیشـانەیە بـۆ دیـاردەی ئالودەبوونـی بەرتوێـژان پێیانـەوە. هەروەهـا نیشـانەیە کیشـە بـۆ بـێ کارییـان. بڕوانـە خشـتەی (٦).

خشتەی (6): ئاستی بەکارهێنانی راگەیاندنەکان لە شەو و ڕۆژێکدا

| بڕگە | دووبارە | % | پلە |
|---|---|---|---|
| یەك کاتژمێر | 10 | 10,752 | سێیەم |
| 1 بۆ 2 | 20 | 21,505 | دووەم |
| 3 بۆ 4 | 60 | 64,514 | یەکەم |
| لە 5 زیاتر | 3 | 3,227 | چوارەم |
| کۆی گشتیی | 93 | 100 | - |

## ئامرازە پەسەندکراوەکان بۆ وەرگرتنی گوتارەکان:

ئەنجامـەکان ئاماژەی ئـەوەن، زۆرینـەی بەرتوێـژان تـۆڕە کۆمەڵایەتییـەکان بـە پەسـەندتر ئەزانـن بـۆ وەرگرتنـی گوتـارەکان و لـە پلـەی یەکەمـدان و دواپلـەش بـۆ ئەوانەیـە کـە پشـت بـە ئامـرازی (ڕادیـۆ) ئەبەسـتن بـۆ ئـەو مەبەسـتە. ئـەوەش ئاماژەیـە بـۆ مانـەوەی وەرگرانـی (ت.ك) و لاوازبوونـی پەیوەندییـان بـە بوارەکانـی تـری راگەیاندنـەوە. بڕوانـە خشـتەی (٧).

خشتەی (٧): ئەو کەناڵانەی زیاتر گوتارەکانی لێ وەرئەگریت

| بڕگە | دووبارە | % | پلە |
|---|---|---|---|
| چاپکراو | 2 | 2,150 | سێیەم |
| رادیۆ | 1 | 1,076 | چوارەم |
| تەلەفزیۆن | 32 | 34,408 | دووەم |
| ت.کۆمەلایەتییەکان | 58 | 62,366 | یەکەم |
| کۆی گشتیی | 93 | 100 | - |

## دووەم/ پرسە تایبەتەکان بە بابەتی توێژینەوەکەوە:

## یەك: کاریگەرێتییە ناسەنییەکان (التأثيرات المعرفيە):

## نەرمەگوتارەکان هۆکاربوون تا ئاستی بیرکردنەوەم فراوانتر بێت:

ئەنجامـەکان ئامـاژەن بـۆ ئـەوەی زۆرینـەی بەرتوێـژەکان (دڵنیایـن) لـە کاریگەرێتییەکانـی نەرمەگوتـاری راگەیانـدن و

لە پلەی یەکەمدان، دواپلەش لە (لەگەڵیدا نین )، ئەوەش بەڵگەیە بۆ ئەوەی کە ئەو نەرمەگوتارانە نەیانتوانیوە کاریگەریتیان لەسەر وەرگران هەبێت. بڕوانە خشتەی (٨).

| خشتەی (8):نەرمەگوتار و کاریگەرێتی لەسەر وەرگران | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ئەگەرەکان | نێر | % | مێ | % | کۆ | پلە |
| تەواو لەگەڵیدام | 14 | 15,053 | 2 | 2,150 | 16 | سێیەم |
| لەگەڵیدام | 21 | 22,580 | 2 | 2,150 | 23 | دووەم |
| دڵنیا نیم | 19 | 20,430 | 10 | 10,750 | 29 | یەکەم |
| لەگەڵیدا نیم | 7 | 7,526 | 8 | 8,600 | 15 | چوارەم |
